کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین

بەشی/ پەروەردەی تایبەت

قۆناغ / سێ یەم – کۆرسی دووەم

م( 1 )

بابەت:

# زمانی ئاماژە / Sign language


مامۆستای بابەت/ تیۆری

کارۆخ جوهر جلال

مامۆستای بابەت/پراکتیکی-پەیمامگا

سەیران شیخ محمد




**ئامانجی کۆرس:**

-ئاشنا کردنی قوتابیان و به زانستی بابەتی زمانی ئاماژە و جۆر و پیکهاتەی کەسایەتی تاکی پەککەوتووانی نابیست.

-شارەزاکردنی فێرخوازانە بەوەی چۆن بتوانن ڕێنمایی دەرونی پێشکەش بە کەسانی خاوەن پەککەوتووی بیستن بکەن بۆنمونە/ گرفتی دەرونی و کۆمەلایەتیەکان و رەفتاریەکان.

-رونکردنەوەی شێوازو و ریگا جیاجیاکانی چۆنیەتی مامەلەکردن.

-شارەزا بوونی فیرخوازانە بە تایبەتمەندیە ژیری و هەلچونی و جەستەیەکانی تاکی پەککەوتوانی نابیست یە

-ئاشناکردنی فیرخوازە بە هۆکارەکانی توشبوونی بەم پەککەوتوویە

## تێروانینیێک لەسەر زمانی ئاماژە / هێما :

–کۆنترین زمانە کە مرۆڤ لە گەڵ سەرەتایی دروستبوونیەوە بۆ پەیوە ندی بەکاریهێناوە ، بەهۆی سادەیی و پشت بەستن بە جوولە و هێما و ئاماژەکان .کە یارمەتی تاکی نابیست دەدات بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دەوروبەر بۆ دەربڕینی ڕاوبۆچوون و بیرۆکەکان و هەستەکانی بە زمانی ئاماژە دەربڕن .

-زماني هێما ئەو پردەیە کە تاكي نابیست دەبەستێتەوە بە دنیای ئەوانەی کە تواناى بیستن یان زارەکییان هەیە.

-ڕیزێک لە ئاماژەکان کە بە بەکارهێنانی دەستەکان، پەنجەکان، سەر و دەربڕینەکانی دەموچاو دروست کراون جگە لە هێماکان زمانێکی هێما پێکدەهێنن.

- زماني ئاماژە یارمەتی نابیستەکان دەدات بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکی دەوروبەریان و بە پێچەوانەوە ئەوان بەتوانا دەکات کە لە ڕێگەی وەسفی بینراوەوە لە جیهانەکانی دەوروبەریان تێبگەن و بە نۆرە وە بەشداری لە کۆمەڵگا بکەن. **(هیثر وایتستۆن)** بوو بە یەکەم ئافرەتی نابیست کە شاجوانی ئەمەریکای بردەوە لە ساڵی **1995**دا سەلماندی کە ئەو جۆرە کەسانە دەتوانن بە باشی گەشە بکەن **(هێلین کێلەر)** بە یەکەم ئافرەت دادەنرێت کە سەرەڕای پەککەوتوی هەستی بە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە پەروەردە و راهینان کراوە.

**پێناسەی دەستەواژەی زمانی ئاماژە :** یەکێکە لەو زمانانەی هێما و ئاماژەی خۆی هەیە و مرۆڤ لەڕێی جوڵاندنی پەلەکانی هەروەها سەر و چەند ئەندامێکی دیکەی جەستەی قسە لەگەڵ کەسێکی نابیست دەکات و ئەو پەیامەی مەبەستیەتی پێی دەگەیەنێت, بەپێی ئامارەکانی یەکێتی جیهانی نابیستان، زیاتر لە **72** ملیۆن کەسی نابیست لەجیهاندا بونیان هەیە **80%** یان نیشتەجێی وڵاتە دواکەوتووەکانن و **300** زمانی ئاماژەی جیاواز بۆ تێگەیشتن لە کەسانی دەوروبەریان و گەیاندنی پەیامەکانیان بەکاردەهێنن.

**زمانی هێما** : سیستەمێکی زمانییە پشت دەبەستێت بە بەکارهێنانی هێمای دەستی بۆ گەیاندنی زانیارییەکان و گوزارشتکردن لەبیر و چەمکەکان بەکەسانی تر ئەم زمانە دادەنرێت بەزمانی وەرگیراو و خوازراو لە کۆمەڵگەی نابیستاندا.

**رۆژی جیهانی زمانی ئاماژە (Sign language) :**

بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان 23ی ئەیلولی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی جیهانی زمانی ئاماژە دەستنیشان کراوە، هاوکات بەپێی ئامارێك زیاتر لە 70 ملیۆن لە جیهاندا و 6 هەزار و 500 نابیست لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە.

**بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژە کێن ؟**

تەنها نابیست نیە کە زمانی ئاماژە بەکار دەهێنن. بەشێکی گەورەی تری بەکارهێنەرانی زمانی ئاماژە بریتین تووشبوانی نەخۆشی داون، ئۆتیزم، پەستانەی مێشک، تراوما، و نارێکی مێشک یان نارێکی قسەکان. ، زمانی ئاژە ئامرازی پەیوەندی خێرا دابین دەکات، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە سەرنجیان زۆر کورت بێت یان زمان زۆر سنووردار بێت. یان لەوانەیە ئامرازێک بێت بۆ گەشەپێدانی زمان پێش پەرەپێدان بە زمانی قسە پێکراو بۆ منداڵان، ئامرازێکە بۆ دەربڕینی خۆیان بۆ ئەوەی کەمتر بێهیوا بن.

1-حاڵەتی ئۆتیزم / شلەژانی رەفتاری :

توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو منداڵانەی کە ئۆتیزمیان هەیە وەڵامی ئاڵوگۆڕی وێنە بەدەست دێنن بۆ بەهێزکردن. هەروەها پەیوەندیەکی بەهێز هەیە لەنێوان لاساییکردنەوەی کارامەیی و زمانی ئاماژە. پێشنیار دەکرێت کە هەردوو توانای لاساییکردنەوەی کارامەیی و هێمایی تاقی بکرێنەوە بۆ فێرکردنی نیشانە دەستیەکان بۆ منداڵانی ئۆتیزم. قسەکردن باوترین فۆرمی وەڵامدانەوەیە، بەڵام دەبێت نووسین، تاپیکردن، نیشانەکان، وێنەکان، ئاماژەکان، یان نیگای چاویش ڕەچاو بکرێت بۆ فێربونیان.

2- تێکچوونی بەشێکی مێشک:

هەندێ لە منداڵانی بیسەر کێشەی دەماغ و مێشکیان هەیە لەوانەیە نەتوانن قسە بکەن چونکە تیکچوونی مێشک مانای ئەوەیە کە ناتوانن وەکو پێویست خۆیان کۆنترۆڵ بکەن. بۆیە زمانی ئاماژەئامرازێکە و هەلی بەرەو پیشچوونی پەیوەندیان پێ دەدات.

3 -حاڵەتی داون :

ئەزموونی دایک و باوکان و منداڵەکانی کە نەخۆشی داون سیندرۆمیان هەیە لە بەکارهێنانی زمانی ئاماژەدا جیاوازە. هەندێک لە دایک و باوکانی منداڵ کە نەخۆشی داون سیندرۆمیان هەیە بۆیان دەرکەوت کە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە ، هاندان بۆ قسەکردنی منداڵان کەم دەکاتەوە، چونکە ئاماژەکردن بۆ ئەوان ئاسانترە. ئەوانی تر ئەوەیان دۆزیوەتەوە کە بەکارهێنانی زمانی ئاماژە هانی گەشەی قسەکردن دەدات لە منداڵەکانیان کە نەخۆشی داون سیندرۆمیان هەیە و منداڵەکان ئەو نیشانانە دەبەزێنن کە فێری قسەکردن دەبن.

## سوودەکانی فێربوونی زمانی ئاماژە

پرۆسەی فێربوونی زمانی هێما پێویستی بە خۆڕاگری و ڕاهێنانێکی زۆر هەیە. ئەوکەسانەی پێویستە پیش هەمووان فیبن لە لایەن نابیستەکانەوە، ( ئەندامانی خێزانی نابیستەکان ، ئەو مامۆستایانەی کە مامەڵە لەگەڵ ئەو منداڵانە دەکەن و و تاکی کۆمەڵگا بەگشتی.

**هەندێک لە سوودەکانی فێربوونی زمانی ئاماژە و بەکارهێنانی لەم شێوەیەن:**

1- یارمەتی نابیستەکان دەدات بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی تر و هەروەها لە نێوان خۆیاندا.

2- یارمەتی دەدات لە پرۆسەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ئەو کەسانەی کە بەدەست کەمبوونی بیستنەوە دەناڵێنن.

3-هەلێک بۆ منداڵە نابیستەکان دابین دەکات بۆ گەشەکردنی خودی خۆیان لە رووی دەروونیەوە.

4- ئاستی متمانە لە نێوان کەمئەندامانداا بەرز دەکاتەوە.

5- هەستکردن بە بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و هەستیاری .

6- ژیان ئاسانتر دەکات بۆ نابیستەکان.

7- منداڵە نابیستەکان دەتوانن بە ئاسانی فێری زمانی هێما بکرێن لە زمانی زارەکی وەک ئەوەی ماسولکەکانی دەستەکانیان خێراتر لە دەمیان گەشە دەکەن. ئەوان دەتوانن خێراتر نیشانەکان هەڵبکەن و فێربن کە خۆیان باشتر دەربکەون کە گەشە دەکەن.

8- پەیوەندی ئاسانتر و کاریگەر چانسی ناکۆکی نێوان خەڵک کەم دەکاتەوە.

9- لە شوێنە گشتییەکانی وەک بنکەی پۆلیس، دادگا، نەخۆشخانەکان بۆ لابردنی بەربەستی زمانی نێوان نابیست و خەڵکی ئاسایی و ڕێگەگرتن لە هەر دەرفەتێکی ئیستغلالی زۆر پێویستن.

10 ٩٠٪ ی منداڵە نابیستەکان لە دایک و باوکان لەدایکن کە دەتوانن بە باشی گوێ بگرن بۆیە پێویستە دایک و باوکان فێری زمانی ئاماژە بن بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ منداڵەکەیان

**فاکتەرە گرنگەکان بۆ فێربوونی زمانی ئاماژە بریتین لە:-**

**1. بوونی چینێکی تاکی نابیست لە نێو کۆمەڵگا :**

بوونی ملیۆنان کەس لە سەر ئاستی جیهان بە تەنیا کە زمانی ئاماژە وەک زمانی ڕەسەنی خۆیان بەکار دەهێنن. کۆمەڵگەی نابیست زۆر گەورەیە و لە هەموو جیهاندایە لەبەر ئەوە پێویستە وەکو زمانێکی تایبەت تەماشایی بکریت.

**2. فێربوون ئاسانە :**

زمانی هێما یەکێکە لە ئاسانترین زمانەکان بۆ فێربوون. زۆر لە نیشانەکان ئاماژەی ئاسایین. منداڵان بە خێرایی نیشانەکان هەڵدەبژێرن و تامەزرۆی بەکارهێنانیانن. ئەو ڕاستییەی کە ئاسانە یارمەتی هاندانی فێربوون دەدات.

**3. ڕێگە بە بێدەنگی دەدات :**

کاتێک زمانی ئاماژە لە پۆلدا بەکاردێت، و تەنانەت لە دەرەوەی پۆلەکە، ئاستی دەنگ بە شێوەیەکی بەرچاو دادەبەزێت. مامۆستاکان ئەوە دەبینن کە کاتێک قوتابیەکان دەست دەکەن بە بەکارهێنانی پەیوەندی زمانی هێما ئەوەندە بە ئازار نییە لەسەر گوێ و پچڕان کەم دەبێتەوە.

**4. زۆر بەسوود دەبێت :**

زمانی ئاماژە دەکرێت بەکارهێنراوترین زمان بێت کە فێر دەبیت. پێویستە پەیوەندی بکەیت بە ژوورێکی قەرەباڵغەوە بەبێ هاوارکردن؟ زمانی ئاماژە بەکاربێنە. دەنگی خۆت لە دەست بدەیت؟ زمانی ئاماژە بەکاربێنە. لەسەر تەلەفۆن و پێویستە پەیوەندی بکەیت بە کەسێک لە ژوورەکە بەبێ شکاندنی گفتوگۆکەت؟ زمانی ئاماژە بەکاربێنە.

**5. دەربڕینی زیاتر :**

زمانە نیشانەکان تەنها دەربارەی دەستەکان نین، هەروەها دەربارەی جوڵانەوەی باوەش و جەستە و دەربڕینی دەموچاوی مرۆڤن. دەربڕینەکانی دەموچاو لە زمانەکانی ئاماژەدا دەتوانن هەمو هەست و هەمو زانیاری ڕێزمانی دەربڕن. بۆ نموونە، برۆ دەکرێت بەرزبکرێتەوە و دابەزێنرێت بۆ گۆڕینی پێکهاتەی ڕستەیەک لە لێدوانێکەوە بۆ پرسیارێک. کەواتە ئەگەر تۆ هەرگیز قسە بکەیت لە دەربڕین.

**6. گوێ گرتن بە چاوەکانت ؛**

ئەو کەسانەی زمانێکی نیشانە دەزانن زۆر جار گوێگرێکی باشترن. لەکاتی بەکارهێنانی زمانی ئاماژە، پێویستە کەسێک پەیوەندی بە چاوی بەردەوام لەگەڵ ئەو کەسەی کە قسە دەکات بکات. جیاواز لە زمانی قسەکراو، لەگەڵ زمانەکانی ئاماژەدان مرۆڤ ناتوانێت چاوی لە ئەو کەسە بگرێت کە قسە دەکات و بەردەوام دەبێت لە گوێگرتن. ئەمە دەتوانێ خووێکی زۆر سوودبەخش بێت بۆ زمانی قسەکراو و هەروەها زمانی ئاماژە . بە هێشتنەوەی پەیوەندی چاو بە زمانی قسەکراوەوە ئەوە نیشان دەدات کە مرۆڤ بە ڕاستی حەزی بەو شتەیە کە ئەوی تر دەیڵێت.

**گرینگترین ئەو هۆکارانەی کە کەسی نابیست لەلایەنی کۆمەڵایەتی ئاستەنگیان لێی هەییە ؟**

١ /خەڵکی نابیست زۆر جار هەستی ئەوانی تر پشتگوێی دەخەن لەکردەوەکانیان تێناگەن وە پلەیەکی بەرزی خۆبەستەنەوە نیشان دەدەنن

٢ /ئەوان زیاتر کارلێك لەگەڵ ئەو کەسانە دەکەن کە وەك خۆیانن کەمتر تێکەل دەبن کەم هەستت بە ئەوانی تر دەکەن کە ئاساییین .

٣ /چەمکی خۆنوسین لەلایان نابیستەوە نادروستە چونکە زیادە رەوی تیادا دەکەن .

٤ /کەسانی نابیست بە گوماناویو شەرانگێز ناویانهاتوە لەئەنجامی لیکۆلینەوەی (سمیث و دیکنز) لەسالی ٢٠٠٣

کەدەری خست لە ١٤٪ کەکەسی نابیست بە دەستت پاشەکشەی کۆمەڵایەتی دەناڵیین.

**گرنگرتین نیشانەکانی لاوازی بیستن لای منداڵ ئەمانەن :.**

1.کەمی یان نەبوونی ئاگای دەوروبەر.

2.سورانی سەر بۆلای قسەکەر.

3.پابەند نەبوون بۆ ڕینمایەکانی زمانەوانی.

4.بوونی گیرو گرفتی  قسەکردنی هەیە.

5.ڕەوشتی کشانەوەی هەیە.

6 .وەلام دانەوەی بەرێگای نەگونجاو .

7. هەناسە وەرگرتن لەدەم.

8. بوونی ڕژێنەکانی گوێ.

9. لۆکەی گوێ دووبارە و زۆر بەکار دێنێت.

10. ئازارو زریگانەوەی گوێ.

11. هەوکردنی لەوزەتێن و بۆریەکان یان ئەنفلوەنزای دووبارە.

12. نزیك بوونەوەی منالٌ لە ئامرازە دەنگیەکان وەکو ڕادیۆ تیڤی و دەنگی بە شویەیەکی نائاسایی بەرزدەکاتەوە کەسانی تر هەراسان دەکات.

13. بەدەنگی بەرزقسەدەکات زیاتر لەوەی پێویستە